# خودایه ...
# ئەو بەردانە بکەوە بە کۆترا!

سیفری تەیر
دوعای بیست و سێ
کتێبی دارستان

دلاوەر قەرەداغی

دوعا کیژێکی گچکەیە
گەورەبوون نافامێ
کوردبوون نافامێ
عاشق بوون نافامێ


www.dengekan.com
2007-05-12

بەیانییەکی پاییز
لە خەوی هەڵدەسێنن و
دەیگۆڕن و
دەستی دەگرن
بە سەدرییەکی ڕەش و
قردێلەیەکی سپی و
جووتێك گۆرەوی سوور و
مەتارەیەك هەتاوەوە
دەیبەن بۆ مەکتەب
دوعا ڕادەوەستێ
لە ئەووەڵی پاییزدا
بۆ وەرگرتنی کتێب
دوعا ڕادەوەستێ لە ئەووەڵی ڕیزدا
وەك کارژۆڵەیەك
کز و مەلوول
بۆ پشکنینی نینۆك!

دوعا دڵی خەبەری داوە

چاوی دەفڕێ

نەعلەکانی لەسەر یەك جووت دەبن

ڕادەکاتە کۆڵان .... دوعا

بەیادی لەبەر ئاوێنەدا ڕاوەستان و

زمان لە تەنیایی دەرهێنان

بەیادی ڕۆژانێك کە مرۆڤ هیچ نافامێ:

نە گەورەبوون

نە کوردبوون

نە عاشق بوون

کوتوپڕ بایەك بە بەردەوە هەڵدەکا

بارانێك بە شمشێرەوە دادەکا

گرێ گرێ

وەك لاملی هەژدیها

گرنج گرنج

وەك لوورەی گورگ!

دوعا کیژێکی دڵ سپییە

بەکراسێکی تەنکی سوورەوە

لەسەر نووکی پێ

لەگوێ خەرەند سەما دەکا

کوتوپڕ

وەك هەتاوێك بە دەمدا هەڵەدێرێت

بایەك بەوێدا تێدەپەڕێ و

بە ئەسپایی

شاڵە مۆرەکەی خۆی

پێدا دەدا

نمە

نمە

کچە گچکەکانی گەڕەك

دەڕژێنە بەر باران

دەست و پێیان لە خەنە دەگرن

بە تەپڵ و دەفەوە

بە پیرییەوە دەچن

منداڵەکانی لێدەگرن

نەعلە خۆڵاویی و دڵتەنگەکانیان

لەبەردەرگا ڕیز دەکەن

بە گوڵەباخ ... برینەکانیان دەبەستن

نێوچەوانیان بە نەعنا دەشێلن

بە ڕێحان قووماتەیان دەکەن

ئاویان بەش دەدەن

مێوژ و باسووقیان بۆ دادەنێن

ملوانکەکانی خۆیان دەکەنە مل

گوارەکانی خۆیان دەکەنە گوێ

بووکەشووشەکانی خۆیان دەدەنێ


www.dengekan.com
2007-05-12

**نینۆکیان بۆیە دەکەن**

**تا خەویان لێدەکەوێ**

**بە دەوروخولیاندا دێن و دەچن**

**کپ و بێدەنگ**

**تا ڕۆژ دەبێتەوە**

**هەر دەف دەژەنن و**

**دوعا دەکەن و**

**سینگ دەکوتن!**

**ئایاری** 2007